هیچ کەموکورتیت نییە لە لای خێزانەکەت، وئەگەر ویستت حەوت (شەو) بۆ تۆ دادەنێم، وئەگەر حەوت (شەو) بۆ تۆ دابنێم؛ حەوت (شەو) بۆ هاوسەرەکانی تریشم دادەنێم

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد؛ سێ (شەو) لە لای مایەوە، وفەرمووی: «هیچ کەموکورتیت نییە لە لای خێزانەکەت، وئەگەر ویستت حەوت (شەو) بۆ تۆ دادەنێم، وئەگەر حەوت (شەو) بۆ تۆ دابنێم؛ حەوت (شەو) بۆ هاوسەرەکانی تریشم دادەنێم».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک هاوسەرگیری لەگەڵیدا کرد؛ بژاردەی پێیدا: حەوت شەو لە لای بمێنێتەوە، پاشان لە لای هەریەکێکی تر لە خێزانەکانی تری بەهەمان شێوە حەوت شەو بمێنێتەوە، یان سێ شەو لە لای بمێنێتەوە، وهەروەکو ڕۆژانی ئاسایی یەک شەو لە لای خێزانەکانی تری بمێنێتەوە، پێش ئەوەی بژاردەی پێبدات -بۆئەوەی عوزرێک بێت لەسەر مانەوەی لە لای بۆ ماوەی سێ شەو- پێی فەرموو: (هیچ کەموکورتیت نییە لە لای خێزانەکەت): واتا لە لای من کە مێردی تۆم وپێکەوە یەک خێزانین هیچ کەموکورتی وعەیبێکت نییە، بەڵکو تۆ لە لای من خۆشەویست وبەڕێز و بەنرخی، ئەگەر سێ شەوت بۆ دابنێم ئەمە بەهۆی کەموکورتی نییە لە تۆ، بەڵام ئەمە هەقە، هەروەکو لە گێڕانەوەکانی تردا هاتووە: سێ شەو پیاو لای ئافرەت دەمێنێتەوە ئەگەر پێشتر هاوسەرگیری کردبێت بەڵام ئەگەر کچ بێت (پێشتر هاوسەرگیری نەکردبێت) ئەوا حەوت شەو لە لای دەمێنێتەوە وئەمە هەق ودادپەوەرییە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58127